# جیاكردنەوەی زارێك وەك زمانی دەستوری شێوازبەندو باڵا

محمد عبدالفتاح حمه سعید ( محەمەدی مەحوی ) / زانكۆی سلێمانی / كۆلێژی زمان – بەشی كوردی

**چەند ڕوونكردنەوەیەك**

ئەم لێكۆڵینەوەیەی بەردەستتان زنجیرەیەكی نەپچڕاوە لە چەند بیرو بنەمایەكی زانستیی دەربارەی هۆو چۆنیەتیی دەستنیشانكردنی زارێك لە زارەكانی زمانی كوردیی وەك زمانی دەستووریی و داڕشتنی وەك زمانی باڵاو ستاندارد. بەم پێیە پێڕستەكەی لە سێ بەش پێكهاتووە و هەر بەشێكیشیان بۆ ئامانج و مەبەستێكە، كە توند پێكەوە بەندو گرێدراون: بەشی یەكهەم لە ڕێی شیكردنەوەكانی زانستی زمانەوە لە سەر زمانی كوردیی ئەوە ئاشكرا دەكات، كە زارە سەرەكییەكانی زمانەكە – كرمانجیی ناوەڕاست، كرمانجیی سەروو، گۆڕان و لوڕیی–، لە بەر جیاوازییەكانی هەندێك لایەنی بنەمایی و گرنگی ڕێزمانەكەیان، ناكرێت لەیەكبدرێن و لەگەڵ یەكترییدا موتوربە بكرێن و " زمانێكی یەكگرتوو" یان لێپێكبهێنرێت. بەشی دووهەم بۆ ئەوە تەرخانكراوە، مەترسیی خەڵكی كوردستان بڕەوێنێتەوە، كاتێك زارێك وەك زمانی دەستوریی و شێوازبەند (فەرمیی/ڕەسمیی formal language)و باڵا ( ستاندارد/شێواز_باڵا standard/high language) هەڵبژێردراو لە دامودەزگاكانی حكومەتەكەمانداو لە قۆناغەكانی خوێندنداو لە هۆكانی ڕاگەیاندندا كاری پێكرا. بەشی سێهەم تەواوكەری بەشی دووهەمە و ئامادەكردن و نوسینەوەی فەرهەنگێكی ئاوەزەیی یەكگرتویی كوردیی دەگرێتە خۆ. بەڵام ئەو وشەنامە یەكگرتووەی ناو مێشكی ( فەرهەنگی ئاوەزیی/هۆشەكیی) بە تەواوی جێگەی كەلێنی نەبوونی زمانێكی یەكگرتووی موتوربەكراوی بۆ پڕ دەكاتەوە و جێگەكەی دەگرێتەوە.

زانستی زمانی ئەمڕۆ خۆی بە لایەنی ئاوەزیی مرۆڤ mental linguistics و بۆماوەیی زمان innateness و ڕێزمانی جیهانییەوە universal grammar خەریكدەكات و بەم جۆرە وەك توانایەكی بایەلۆژی و بۆماوە مامەڵە لەگەڵ "زمان" دا دەكات[1]: پەیوەست بە "بۆماوەیی زمان" و "زمانپژانی منداڵ" ەوە دەبێت، "ڕێزمانێكی جیهانی هەبێت و لەگەڵ لەدایكبونییدا منداڵ ئەو ڕێزمانە و سیدییەكی بۆشی هییچ –تێدا تۆمارنەكراوی لەلای ڕاستی مێشكییدا بۆ وشەكانی زمانەكەی دەوروبەری هەبێت. لەم ڕووەوە زمان یەكێكە لە "مۆدوولە" چڕو ئاڵۆزەكانی مێشكی مرۆڤ. مۆدولارێتیی زمان ئەوە دەبەخشێت، كە زمان پێڕەوێكی ئاڵۆز و سەربەخۆیە و بەڵام لەگەڵ

[1] Bense (1973), Chomsky (1965, 1968), Fodor (1987), Seiler (1991).

**مۆدوولەکانی تری مێشکدا لە پەیوەندیی کارلێکانەدایە. پێڕەوەکە بە "ڕێزمان" ناسراوە و ئەمیش لە چەند وەچەپێڕەوێك (پێڕەوی بچووکتر) پێکهاتووە ، کە " پێکهاتەی سینتاکس" و "پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی" و " پێکهاتەی فۆنۆلۆژی"ن. "سیمانتیك" لەسەر ئاستە جیاوازەکان و تەنانەت لە دەورو بەرەکانی قسەکەریشدا (" پراگماتیك" ) هەیە ، بۆیە زۆربەی زۆری زمانەوانەکان بە پێکهاتەیەکی ڕێزمانی دانانێن. لەمەوە ئاشکرادەبێت، کە واتای فەرهەنگیی و واتای سینتاکسیی و واتای پراگماتیکیی لەیەك جیاکراونەتەوە . بابەگشتیی بڵێین، کە ئەم مۆدووله (" ڕێزمان ") لە لای چەپی مێشکدایەو فەرهەنگە ئاوەزیەکەیش ( وشەنامەی ناو مێشك ) لە لای ڕاستیدایە[2].**

**ئامانجی ئەو کورتە ڕاڤە کردن و ڕوونکردنەوەیە ئەوەیە ، کە (ا) بۆ خوێنەران دەربکەوێت، زمان پێڕەوێکی چەند ئاڵۆزەو (ب) کەئەم لێکۆڵینەوەیە تەنها بۆ زمانی دەستووریی و شێوازبەندو زمانی باڵای " زمانی کوردی " تەرخان کراوەو ڕوونکردنەوەی بنەماو لایەنەکانی " ڕێزمان " ی کوردیی[٣] ) و " فەرهەنگە ئاوازەییەکە "[٤] ی گرتۆتەخۆ .**

**" پێڕەو " یان سیستەم کۆی گشت ئەو پەیوەندی و ناوکۆیی و هاوبەشیی و ڕێساو یاسا و مەرجانە دەگرێتەوە، کە جڵەوی پێکەوەبوون و خستنەتەکیەکی کەرەستەکانی زمان و دیاردەکانی دەگرێت و ڕێکیاندەخات و ڕێکخراوەیەکیان Organization پێ دەبەخشێت . کەواتە لە پێڕەوی پێکهاتەی سینتاکس و ئەوەی مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی و دروستەکانیان قسە دەکرێت .**

### بەشی یەکهەم) زمانێکی موتوربەکراو یان زمانێکی یەکگرتوو

**زۆربەی زۆری نەتەوەکان زمانێکی دەستووریی باڵاو شێوازبەندی خۆیان هەیەو لە بایەخدان بە زمانەکەیاندا خاوەنی ئەزموونی زەنگیینن. خەمخۆران و پسپۆڕانی زمان و ئەدەبی کوردییش هەم بیریان لەم کێشەیەو نەبوونی ئەو زمانە کردۆتەوەو هەم هەوڵی خۆیشیان بۆ چارەسەرکردنی داوە. هەر لەم ڕاستیانەیشەوە ئەوە کەوتۆتەوە، کە تەنانەت دەربڕاوی "زمانی یەکگرتوو[٥]" بۆتە زاراوەیەکی باوو ڕۆیشتووی ئاخێوەرانی زمانی کوردیی. لەم ڕاستیانەوەیە، کە لێکۆڵیینەوەکە بەم بابەتە دەستپێدەکات.**

**لێکۆڵینەوە زانستییەکان لەسەر زمانی کوردیی، بەتایبەتی لەسەر سینتاکس و مۆرفۆلۆژیی ڕێزمانەکەی، ئەوەیان بۆ ئاشکرا کردووین، کە لەگەڵ هاوبەشیی و ناوکۆیی بنەڕەتیی نێوان "**

---

[2] Neil Smith (1999).

[3] محەمەدی مەحویی (٢٠٠١_ا)، محەمەدی مەحویی/نەرمیین عومەر (٢٠٠٤).

[4] محەمەدی مەحویی (٢٠٠٦).

[5] لە مێژەوەیە ناوو ناونیشانی "زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردیی" لە سەرچاوە کوردیەکاندا هێنراوەتەوەو بەکارهێنراوە، بەبێ ئەوەی واتاو ناوەرۆکەکەی وەك پێویست ڕوونکرابێتەوە (بڕوانە بۆ نموونە جەمال نەبەز (١٩٧٦)، عزالدین مستەفا رسول (١٩٧١)، هۆگر محمود فرج (٢٠٠٧) !). هۆی ئەمەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە زمانی ئەدەبیی جۆرێکە لە زمانی باڵاو شێوازبەندو خۆی لە خۆیدا ئەو تایبەتمەندییەی نییە، یەکگرتوو بێت –چەند زمانێك نیین لەیەکبدرێن و لەگەڵ یەکترییدا موتوربەبکرێن–.

کرمانجیی ناوەڕاست " لەگەڵ " کرمانجیی سەروو" و " گۆران " دا، لەبەر ئەو جیاوازییانەی، لەپێڕەوەکانیاندا هەن، ناتوانرێت و ناکرێت لەیەکبدرێن و لەگەڵ یەکترییدا موتوربە بکرێن، بۆ ئەوەی زمانێکی یەکگرتوویان لێ پێکبهێنرێت و ناوی "زمانی یەکگرتووی کوردیی" یان لێبنرێت[٦].

(أ) هاوبەشیی و ناکۆکییەکان: تایبەتمەندیی زمانی کوردیی بەگشتیی "داڕێژەریی" و "لکاویی" ە . گەنجی وشەو بە تایبەتی فەرهەنگە ئاوەزەییەکەی زمانەکە، لە چەند فۆڕمێکی ئاسایی، بەدەر لەسەرەو ڕیزبوونی مۆرفێمەکانییدا پەیوەست بە "سەر" ەوە، هیچ جیاوازیی گەورەوگرانی تێدا بەدییناکرێت و نادۆزرێتەوە. سەرەو ڕیزبوونی وشەو فرێزەکانیشی بە شێوەیەکی بنەڕەتی سەر_کۆتایی head final یان S . O . V . یە .

(ب) گەورەو گرانیی جیاوازییەکەیان، نەك هەر پرۆسەو ئەنجامی موتوربەکردنەکەیان ئاڵۆز کردووە، بەڵکو وەهایشیانکردووە ئەو کارە نەبوونەکراو بێت: هەرچەندە زمانی کوردیی، وەك یەکێك لە زمانە ئێرانییەکان، زمانێکی ئەرگەتیڤییە، بەڵام پیڕەوی ئەرگەتیڤیی لە گۆران و کرمانجیی سەروو لەگەڵ کرمانجیی ناوەڕاستدا جیاوازییان هەیە. مۆدێلی ڕێزمانی کرمانجیی ناوەڕاست ئەوە نیشاندەدات، کە پێکهاتەی مۆرفۆسینتاکس/کرداری ئاڵۆز لە سینتاکسەکەیدا شکاوەتەوە. بەڵام کرمانجیی سەروو پێڕەوی مۆرفۆسینتاکسی نییە. جگە لەوەیش، کە کرمانجیی ناوەڕاست بکەر_خراوەو pro ی هەیە، پیڕەوی توخم تێیدا وەك پاشماوە دەبینرێت و بەو جۆرەی کرمانجیی سەروو یان گۆران نییە .

## بەشی دووهەم ) زمانێك نییە لە زمانێکی دیکە چاکتر یان خراپتر بێت

زمانێکی یەکجۆر ئەفسانەیە: کاتێك دەڵێین "زمانی کوردیی" بەوجۆرە تێدەگەین، کە زمانەکە بە هەموو زارو زارۆچکەکانیەوە یەکجۆرەو جیاوازیی بنەڕەتیی لەنێوانیاندا نییە. بەڵام ئاشکرایە، کە جیاوازی زۆریش لە نێوانیاندا هەیە، بۆیە ئەو زارانەی وەك " دیالێکت" و "زار" و "زارۆچکە" دروستبوون و هاتوونەتەئاراوە. ئەوەتا لە شارێکیشدا جیاوازی لە زمانی ئاخاوتنی ( توانا parole, performance) گەڕەکەکان و کەسەکاندا هەن و " ئیدیۆلێکت" ی تاکە کەسیش ناسراوەتەوەو دیارییکراوە. زار و زارۆچکەکان بە گشتی لە ڕێی زمانگۆڕکێ language change– دەنگۆڕکێ sound change و واتاگۆڕکێ meaning change و .....– و جێبەجێکردن و جێبەجێنەکردنی یاساکانەوە دروستبوون و لە بنەڕەت و بنجوبناواندا (ا) هەر سەر بە زمانی کوردیین و (ب) هەریەکەیان لە هەمان پێڕەوە چڕو ئاڵۆزەکەی تایبەت بە زمانی کوردیی پێکهاتووە و هیچ یەکێکیان لەوی دییکەیان چاکتر یان خراپتر نییە[7] .

---

[6] محەمەدی مەحویی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانیی B ژ (١)، ٢٠٠٥

[7] محەمەدی مەحویی (٢٠٠١_ب)

هەر زمانێك لە زمانەكانی مرۆڤ، كە كۆمەڵێك لە كۆمەڵگایەكدا پێیدەئاخفێت، ئەو پێڕەوە چڕ و ئاڵۆزەیە یان ئەو مۆدوولەی ناو مێشكێتی، كە لەو "چەند ڕوونكردنەوە" یەی سەرەوەدا ڕاڤەكرا. كەواتە بۆیە زمانێك لە زمانێكی دییكە چاكتر یان خراپتر نییە، چونكە هەر یەكەیان پێڕەوێكی چڕ و ئاڵۆزە. زمانێك دەشێت لە فەرهەنگەكەیدا لە زمانێكی دییكە زەنگیینتر بێت. ئەمەیش بۆیە ڕێژەییە، چونكە وشە پییشەسازیی و تەكنیكیەكانی گەلێكی پییشەسازیی دەشێت لەوانەی گەلێكی كشتوكاڵیی زۆرتر و فرەچەشنتر بن و بە پێچەوانەیشەوە هەر ڕاستە. بە واتا، كە گەنجی وشە كشتوكاڵیەكانی كۆمەڵێكی وەك كۆمەڵگای كوردیی زنگیینترە لەوەی كۆمەڵێكی پییشەسازیی. خۆ وشە وەرگرتن لە زمانەكانی دییكەیشەوە – وشەی بیانیی و وشەی خواستراو – ئەو جیاوازیەیشی زۆر كەمكردۆتەوە یان نەیهێشتووە. لە سەروو ئەوەیشەوە، ئەوەی زمانێك بە وشەیەك دەریدەبڕێت ( زمانە شیكەرەوەكان analytic languages)، زمانێكی دییكە بە ئاوەڵفرێزێك paraphrase یان بە ڕستەیەك ( زمانە داڕێژەرەكان synthetic languages) دایدەڕێژێت. لێكۆڵەر دەیەوێت ئەوە ئاشكرا بكات، كە لە بەر چاكیی و خراپیی زارێك لە زارێكی دییكە نییە، كاتێك یەكێكیان وەك زمانی دەستوریی و شیوازبەند بۆ گەلێك و حكومەتەكەی هەڵدەبژێرێت.

### بەشی سێهەم) زمانی شێوازبەند و زمانی باڵا

لە سەرەتاو بەشی یەكهەمدا ئاشكرا ئەوە دەربڕدرا، كە زمانێكی یەكگرتوو، بە واتای لێكدان و موتوربەكردنی زارەكانەوە لەگەڵ یەكترییدا، گەلێك گرانەو ئەگەری نییە. گەلێك جار لە سەرچاوەو كۆڕو سەمیینارەكاندا زاراوەی "زمانی یەكگرتوو" بە واتای دەربڕاوی (اللغه الموحده) ی عارەبیشەوە هێنراوەتەوە. لێكۆڵەر، بەڵام بەردەوام مەبەستی ئەوە بووە، كە پێویستە "یەك زمان" مان بۆ هەموان هەبێت: زارێك، لە زارەكانی زمانی كوردیی، بۆ ئەو مەبەستە هەڵدەبژێردرێت و جیادەكرێتەوە، تاوەكو ببێتە زمانی دەستووریی و باڵا بۆ هەموان; ئەمەیش ئەو تاكە یەك زمانە بۆ هەموان پێكدەهێنێت.

هەڵبژاردنی زارێك بۆ زمانی دەستوریی و شێوازبەندانەی باڵا بە چەند هۆكار و لێكدانەوەیەكەوە بەندە:

(I) لە هەڵبژاردن و جیاكردنەوەی زارێكدا بۆ ئەو مەبەستە، پێویستە ڕەچاوی ئەم ڕاستیانەی لای خوارەوە بكرێت: بە شێوەیەكی گشتیی كرمانجیی ناوەڕاست لە ڕۆژهەڵات و خوارویی كودستاندا قسەیپێدەكرێت و كرمانجیی سەروویش لە سەرووی كوردستان و ڕۆژئاوای كوردستاندا. بەم پێیە دیارییكردنی كرمانجیی ناوەڕاست وەك زمانی دەستووریی و باڵای حكوومەت و خەڵكیی بۆ خواروی كوردستان ڕۆژهەڵات و خوارووی كوردستان پێكەوە گرێدەدات و گەنجی نووسراوی هەردوو لای پێدەپارێزرێت و بەردەوامیش دەبن لەسەر ڕێگەی بەرەوپێشچوون و گەشەكردنی چەندیین_لایەنی فرەڕەهەندیان. ئەم ڕاستیەیش ئەمڕۆ بۆ ڕۆژئاواو سەرووی كوردستان، پەیوەست

به کرمانجیی سەرووەوە، دەخوات. لەگەڵ هەموو ئەوانەیشدا، ئەم سەردەمە، خوارووی کوردستان، لەڕووی ڕامیاریی و ئابووریی و دامودەزگاو دامەزراوەی بەڕێوەبردن و ... هتد. ەوە، ئازادو بەتوانایەو ئەگەری بەجێهێنانی ئەو ئەرك و بەرنامەیەو جێبەجێکردنی تەواوی هەیە. لەسەروو ئەوەیشەوە، گەشەکردنە مێژووییەکەی خوارووی کوردستان ئەم زمانەی بۆ هەردوو لا لە قاڵب داوەو ئامادەی کردووە.

(II) (ا) پسپۆڕانی زانستی زمان و زانستی زمانی کوردیی و زمانەوانەکان بەرپرسیاری یەکەمی ڕوونکردنەوەی داتاو ڕاستییە زمانییەکانن و هەر خۆیشیان لە سەر ئەنجامەکانی کارە زانستییەکانیان خاوەنی بڕیاردانی زانستیی بێلایەنن. ( ب ) بۆ کورد، بڕیاردان لە کۆتاییدا لە دەست دەسەڵاتی ڕامیاریی و پەرلەماندایە و یەکێك لەم دوو ڕێگەیە دەگرنە بەر: یان پاش لێکدانەوەی بنەماکانی زمان و خستنەڕووی ڕێزمانەکەی، لایەنە ڕامیارییەکان ڕاستەوخۆ کار بە ئەنجامی زمانەوان و پسپۆڕەکانی کۆلێژی زانستی زمان و بەشە کوردییەکانی زانکۆکانی کوردستان دەکەن و بڕیاری خۆیان دەدەن یان لە ڕێی هۆکانی ڕاگەیاندن و کۆڕو سەمینارەوە گشت لایەنە زمانەوانیی و ڕامیاریەکان و ئەگەرەکان بۆ دانیشتوان ڕووندەکەنەوەو ئەوجا بڕیاردانەکە دەخرێتە دەنگەوەو دیموکراسیانە کۆتایی بە پڕۆسەکە دەهێنرێت.

زمان وەك توانای بۆماوەو زمان خۆی وەك هۆیەکی گفتوگۆکردن و لەیەکگەیشتنی ڕۆژانەیش ئەوەمان پێدەڵێن، کە زارەکانی دییکە لە سەر حسابی زارە جیاکراوەکە، وەك زمانی دەستووریی و باڵا، مەحاڵە تێدابچن یان بە جۆرێك لە جۆرەکان زیانیان لێبکەوێت، گەر بەرنامەی زانستیی و ڕێکوپێك بۆ ئەو پڕۆژەو ویستە دابنرێن و پێیان کاربکرێت.هەڵبژاردنی زارێك نە نرخی ئەمیان لەسەر حسابی ئەوانی دییکە بەرزدەکاتەوەو نە نرخ و بەهای زارێك یان زارۆچکەیەك لەو جیاکردنەوەیەدا لە بەر خاتری هەڵبژێردراوەکە دادەبەزێت و کەمدەبێتەوە. ئەم پڕۆسەیە تەنها بۆ دیارییکردنی زمانی دەستوریی و شێوازبەندی حکومەتە کوردییەکەمانە. زمانە شێوازبەندەکە تەنها لە دامودەزگاکانی حکومەتدا و لە لایەن کارمەندەکانیانەوە– لە سەرۆکی حکومەتەوە تا بە وەزیر و بەڕێوەبەر و....هتد. دەگات–، دەبێتە زمانی نوسین و ( ئاخاوتن ) و کاری ڕۆژانەی ناو دەزگاکانیان.

## چۆن زمانە دەستووریەکە دەکرێت بە زمانی شێوازبەندو باڵا[8] ؟

پاش جیاکردنەوەی زارێك وەك زمانی دەستوریی (فەرمیی)، کاری زمانەوانەکان دەستپێدەکات. زمانە دەستورییەکە دەکرێت بە زمانی شێوازبەند، بەواتا شێوازی داڕشتنی ئاستی قووڵی زمانەکە هەڵدەهێنجرێت و زمانەکە پێی لە ئاستێکی بەرزدا دەخرێتەڕوو. ئەوجا لە فەرهەنگە ئاوەزییەکەو لە وشە بیانیی و خواستراوە شیاوەکان دارشتنەکەی تەواو دەکرێت و زمانە باڵاکەی دەچەسپێت. پێکهاتەو بەشە شییکراوەو پەسنکراوەکانی (وەسفکراوەکانی) ڕێزمانی کوردیی بنەمای ئەو کارە پێکدەهێنن، بۆیە ئەمەیان بەتەواویی کاری زمانەوانە پسپۆڕەکانە.

[8] محەمەدی مەحوی – ٢٠٠٠

دەشێت بۆ ئەو پرۆسەیە هەم ئاستی قووڵ و هەم ئاستی فۆنەیتیکیی و ڕووکەش دەستنییشانبکرێت. کەواتە دەشێت زمانی نوسیینەکە فۆنەیتیکیی ڕووتیش بێت، بەواتا بەو شێوەیە بنوسیین، کە دەبیستیین. بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان ناچارمان دەکات زمانی نوسیینەکەمان بە دوو ئەلفوبێ بێت و سوود لە دوو پێڕەوی زمانی نوسیینی جیاواز ببینیین، کە پێڕەوی ئەلفوبێی عارەبییە بۆ ڕۆژهەڵات و خوارووی کوردستان و سستەمی ئەلفوبێی لاتینییە بۆ سەرووی کوردستان[٧].

بەم پێیە، ئەرکی زمانەوانەکان ئەوە دەبێت شێوازی زمانەکە لە رووی دارشتن و فەرهەنگ یان گەنجی وشەوە تارادەیەکی زۆر لەگەڵ فەرهەنگە ئاوەزییەکەو گەنجی وشەو زاراوە تایبەتەکان بە دامودەزگاکان و ئاستی قووڵی وشەو فرێزو رستەکانیدا بچەسپێنن و بەپێی پێویستیش ڕەچاوی ئاستی ڕووکەش بکەن. ئۆرسۆگرافیی، بە دروستنووسیین و خاڵبەندیی دەستووی نوسیینەوەوە، گونجاو لەگەڵ پێرەوی زمانەکەو رێساکانی رێزمانەکەیدا، دیاریدەکرێت و دەکرێت بە نەرێتی رێنماکەر بۆ کارپێکردن پێی لە زمانی نوسییندا. تایبەتمەندیەکانی پێرەوی زمانەکە، بەتایبەتیی ئەوانەی مۆرفۆلۆژیی فۆنۆلۆژیی و سینتاکس و مۆرفۆسینتاکس، دەبنە بنەما بۆ دارشتن و نواندن و ئۆرسۆگرافییەکە. بەم جۆرە حکوومەت و نەتەوەکەیش " زمانێکی دەستوریی شێوازبەندی باڵا " یان دەبێت. زمانە باڵاکە دەبێتە سەنگێکی مەحەك یان رێچکەیەکی سەرەکیی، کە لێیەوە چەشنەکانی دییکەی زمانی نوسیین و ئاخاوتن دەناسرێنەوەو جیادەکرێنەوە. بەم جۆرە، ئامادەکردنی ئەم زمانە باڵایە زەمیینە بۆ جیاکردنەوەی چەشنەکانی دییکەی زمانی وەك زمانی ئەدەبیی و زمانی زانستیی و زمانی راگەیاندن و ... هتد. خۆش و مسۆگەردەکات. زمانە باڵاکە دەبێتە زمانی خوێندن لە قۆناغەکانی خوێندنداو دەبێتە زمانی ئاخاوتنی دیبلۆماسیی و مامۆستایان و ... هتد. و گشت ئەوانەی خۆیان بە کەسانی رۆشنبییرو ئەکادیمیی دەزانن.

بەرزکردنەوەی ئاستی زمانی ئاخاوتن و نوسیینی زارو زاروچکەکانی دییکە بە پێی بەرنامەی نەتەوەیی ئاراستەکراو جێبەجێدەکرێن و بەجێدەهێنرێن: لە کاتێکدا حکوومەت، هۆکانی راگەیاندنی خۆی –تەلەفزیۆن ، رادیۆو رۆژنامە، گۆڤار– بە زمانی دەستووریی باڵای بۆ خۆی بۆ هەموان دەبێت و راگەیاندنی ئازادی خەڵکیش لە تەکیدا وەك دەستەڵاتی چوارهەمی سەردەمانە چالاك و کاریگەرە، دەشێت هەر زارێك، لەتەك ئەوانەی حکوومەتدا، بۆ دەڤەرو ناوچەکەی خۆی تەلەفزیۆن و رادیۆو رۆژنامەی بە زارەکەی خۆی و بە زمانی ئاخاوتنی رۆژانەی هەبێت. وێژەوانەکان دەتوانن بە زمانی باڵا یان بە زمانی ئاخاوتنی خۆیان بەرهەمەکانیان بنووسن. گەلێك جار شانۆگەرییەك بەچێژترو پەسەندتربووە لەلای خەڵکیی، کە بە زمانی دەڤەرێك نووسراوەو پێشکەشکراوە، نەك بە زمانی شێوازبەندو باڵا. دیارە، کە هەر زارێك بوو بە زمانی باڵا، پێویستە زارەکەی دییکەیش لە قۆناغەکانی خوێندندا بخوێندرێت – نەك پێیبخوێنرێت – و شانبەشانی ئەوانیش بایەخی تایبەتی بە خوێندنی زمانی کوردیی بە پێرەوی ئەلفوبێی لاتینیی بدرێت. بۆ نموونە، دەبێت لەتەك زمانە دەستووریی و باڵاکەدا، مندالآن تاوەکو قۆناغی (٣) ی سەرەتایی لە ناوچەو دەڤەرەکانی خۆیاندا بە زمانی شیریی خۆیان (کرمانجیی سەروو، گۆران و لوڕیی) بخوێنن و کرمانجیی سەروویش، لەبۆ سەرووی کوردستان، لە گشت قۆناغەکانی خوێندندا تا بە زانکۆ دەگات، بخوێندرێت و بڕیاربدرێت ئەگەر پێویست بێت بۆ تاقییکردنەوە گشتییەکانیش ئەژماربکرێت یان نا.

## فەرهەنگی ئاوەزەیی و فەرهەنگی باڵا

زاراوەی "وشەنامە" لەبریی dictionary و زاراوەی "فەرهەنگ" یش بۆ lexicon بەکارهێنراوە . " وشەنامەی ناو مێشك" ناوی "فەرهەنگی ئاوەزیی" mental lexicon لێنراوە .

لەسەرچاوەکاندا وشەنامە وەك شا_زاراوە یان هایپۆنیۆم هەم بۆ وشەنامەو هەم بۆ فەرهەنگیش هێنراوەتەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا وشەنامەکان تەنها لێما (lemma کەرەستە ڕیزکراوو تۆمار کراوەکان بە پێی پێڕەوێکی وەك سستەمی ئەلفوبێ) و واتای هەر لێمایەکی تێدایە، دەروازەی زانیاریی فەرهەنگ چڕو زەنگینەو جۆری دەربڕیینی فۆنەیتیکی و پۆلەڕەگەز/کاتەگۆڕی و واتاکان و ... هتد . ی لێماکانی تێدا هەڵگیراوە . زمانەوانە کوردە پسپۆڕەکان لە ڕێزمانی کوردیی و زانستەکانی لێکسیکۆلۆژیی و لێکسیکۆگرافییدا لەسەریانە بۆ هەر زارێك فەرهەنگێکی خۆی و بۆ زمانی کوردیی فەرهەنگێکی یەکگرتوو ئامادە بکەن و بنووسنەوە .
وشە هاوواتاو وشە واتادژەکان، بۆ نموونە، بە پێیی نزدیکیی و دوورییان لە یەکترییەوە لەو فەرهەنگە بالأیەدا تۆمار دەکرێن و یاسا مۆرفۆلۆژیی و فۆنۆلۆژیەکانی، کە بوونەتە هۆی جیاوازیەکانی نێوان وشەکانیان لە پێشەوەی فەرهەنگەکەدا دەنووسرێنەوە . ئەم کارە جێبەجێکردنی هەنگاوی یەکهەمی ویست و ئامانجە زانستیی و نەتەوەییەکە دادەڕێژێت .
هەر وشەیەك لە وشەکانی زمانی کوردیی، وەك ئەوانەی زمانەکانی دییکە، مێژوویەکی دوروودرێژی خۆی هەیە. لە هەر وشەیەکدا گەنجێك لە بیرو بۆچوون و تێگەیشتن لە دنیاو بوون و پرۆسەو ڕووداو کۆکراوەتەوەو هەڵگییراوە . ئەو لایەنانەی، باووباپیرانمان سەدان و سەدان ساڵ لەمەوپێش پەیانپێبردوون، لەو وشانەدا خەزنکراون و پارێزراون و دەماودەم لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دییکە گوێزراونەتەوە. پەیپێبراوەکان دییدگەو دنیابینیی کوردن و ئاوەزمەندیەکی ( mentality عەقڵییەتێکی) تایبەت بە کوردیان پێکهێناوەو ئێمەی نەوەی ئەمڕۆیش لەسەرمانە ئەو دەرکپێکراوو پەیپییبراوانە لە وشەکانی گەنجیینەی وشەکانیدا هڵبهێنجیین و دەریابهێنیین و ئەو دنیایەی ڕۆژانی پێشوویان لێدروستبکەینەوەو لەڕێیەوە خۆمان بناسین و کەسێتی تاك و کۆمەڵیان لەسەر دروستبکەینەوە .
ئێمە بەدوای کەسێتی خۆماندا وێڵیین و دەمانەوێت بزانین، ئێمە کێین. زمانەوان لە لێکۆڵیینەوەکانیدا لە زمان لەناو زمانەکەدا بەدوای خۆیدا دەگەڕێت، نەك بۆ نموونە بەدوای مێژووی نەتەوەکەیدا. ئەمەیش بۆیە مافێکی ڕەوای خۆیەتی چونکە، زمان مۆدولارییەو فەرهەنگە ئاوەزیەکەیش چاکتریین و لەبارتریین سەرچاوەی باوەڕپێکراوە بۆ ئەو ویستەی . ئێستا بەچەند نموونەیەك ئەوەی ڕاڤەکرا ڕووندەکرێتەوەو لێکۆڵەریش وێنەی کەمەکیی چەند ڕۆژگارێك لە وشەکان لە شێوەی واتاو ناوەرۆکدا وەك خۆیان دەکێشێت و دەیانخاتەوە بەرچاو خوێنەر، تا لە چۆنییەتی بییرکردنەوەو ژیان و گەشەکردنەکان، بەلایەنی چاکەو بە کەموکورتیی و چەوتیەکانیشیانەوە، بگەن :

چەشنی یەکهەم: لێکدانەوە
باووباپییرانمان وەهایان بینییوەو بەو شێوەیە تێگەیشتوون، کە "زمان "، بەو واتاو ناوەرۆکەی چۆمسکییەوە، بایەلۆژیی و بۆماییەو، کەلەبەر ئەمە هەر وەك چۆن خوێنی لووت دەپژێت (چونکە خوێنەکە لە جەستەدا خۆی هەیەو دەڕژێتە دەرەوە، بەهەمان جۆریش زمان خۆی لە مێشکدا هەیەو داڕێژراوەو) زمانیش دەپژێت و کورد لە زمانکەیدا لە / زمانپژان/ دەدوێت، نەك لە فێربوونی زمان . ئەم ڕاستییەی، کە باوو باپیرانمان پەیانپێبردووە، لە پەنجاکانی سەدەی پێشوودا زانستی زمان، چاکتر بڵێین زمانەوانی بەناوبانگ "چۆمسکی"، سەلماندوویەتی[9]. دیارە، کە هەر وەك چۆن دەتوانرێت خوێن بپژێنرێت، بە هەمان شێوەیش زمانیش دەپژێنرێت. بەم واتاو ناوەرۆکەوە،

[9] Chomsky (1965, 1968),Fodor (1987) …

دەیشتوانرێت زمان بەمەبەستی زمانپژاندنی ڕاستودروست و دییداکتیکی(وەرگرتن و فێربوون) بپژێنرێت و ئەمەیان بە "زمانپژاندن" ناسراوە.
وشە یان کرداری /پێکهێنان/ بۆ لێکدان و موتوربەکردنی پێکهاتووەکانە، کەپێڕەوی چڕو ئاڵۆزن، بۆیە کورد دەڵێت <پارتیی و یەکێتیی پێکدەهێنیینەوە> و ناڵێت *<پارتیی و یەکێتیی دروستدەکەینەوە> بە پێچەوانەوە /دروستکردن/ لەکەرەستەی بەرایی و سەرەتایی دەبێت و کورد دەڵێت <خانووەکە لە بەردو گەچ دروستکراوە> و ناڵێت *< خانووەکە لەبەردو گەچ پێکهاتووە>. ئەم لایەنە پەیپێبراوە ئاماژەیە بۆ بیرکردنەوەی وردی باوباپیرانمان و جۆری تێگەیشتنیان لە دەوروبەرو بەو پێیەیش بۆ چەشنەکان و پۆلێنکردنیان .

### چەشنی دووهەم: وێنەگرتنەوە

تاوەکو شەستەکانی سەدەی ڕابوردوو، لە شاری سلێمانیی وشەو دەربڕاوی وەك /عەرەبانە/، /یایلیی/،/ لگاو/، /موشێن/ ،/هەلووکێن/ ،/ میزراحێن/ ،/عەرەبانەی تریشقە/ ،/ پیکابی تەختە/ ،/ئاشی عەلەتریك/ ، / سنووقی بۆراق/ ،/ حەوشی گەورە / ، <لێدە لە حەوشی گەورە>، <تۆڵەکەی کوڵییو>، <تۆڵەکەی ناگاتیٚ> و ... هتد . هەبوون و بیستراون، کە وێنەی دنیایەکی ساکارو سەرەتایی کۆمەڵێکی هەژاریان بۆ گرتووین . تاوەکو ئەم ڕۆژگارەیش هێشتا هەر لە وشەکانی گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان و دەربڕاوی پەندو ئیدیەمەکاندا وێنەی گرنگیی هۆو ئامێرو کەرەستەی بەرایی و ساکار بۆ ژیانی دەستکورت و کەمدەرامەتی کۆمەڵگای کوردەواریی بە مەودایەکی تەسکی بییرکردنەوەوە لە ژیانی تاکو کۆمەڵیدا خۆیان دەنوێننەوە.
تاوەکو حەفتاکانی هەمان سەدەیش وشەکانی وەك /پێشمەرگە/ ،/ تەقەیە /،/ قووچاندی / ،/ قڵیشایەوە /، / گوێبڕاو /،/ شەقاوە /،/ چەورە /،/ سەرسەریی/ ،/ بەرەڵاّ/ و دەربڕاوی ڕێکلامە ساکارو دەمیەکانی فرۆشتنی وەك <ساردەو کەللە تەزێنە ، سەفراو شکێنە> بۆ شەربەتی مێوژەکەی کاکە ڕەش و /ساردەمەنی / بۆ / بۆ کۆلاو بیبسی کۆلا/ و <تا نەیخۆیت ، نازانیت چییە> بۆ محەلەبیەکەی مەلا ئەوڕەحمان و <بەرخی چەمییە ماسی > و <بخۆ با لەڕنەبیت> ...... هتد . دییمەنێکی گۆڕدراوی دییکەمان لە ژمارەیەك لە بوارە ڕامیاریی و کۆمەڵایەتییەکاندا دەدەنیٚ .
لە هەشتاکانی ئەو سەدەیەدا <مولازم موحسین> و <عەلی کیمیاویی> و <کیمیابارانکردن> لەگەڵ وشەو دەربڕدراوەکانی /ئەنفال / ،/ زیندە بەچاڵکردن / و/ ڕفاندن / و ... هتد. وێنەیەکی دڵتەزێنتریین ئەو کارەساتانەماندەدەنیٚ، کە بەسەر نەتەوەکەدا هێنراون.
پاشانیش لە دوای نەوەدەکانی ئەو سەدەیەو سەرەتای ئەم سەدەیەوە گەنجی وشەکانی / ڕاپەڕین /، <حکومەتی کوردیی> ، <ئەنجومەنی وەزییران>، <سەرۆکی ئەنجومەنی وەزییران>، /ئاودیو کردن/، /سنورداش کردنەوە/، / ڕاوێژکار/ ، و ئەوجا <شەڕی براکوژیی> و <شەڕی خۆ کوژیی> و <ئابڵووقەی ئابووری لەسەر شار> و <گرانیی و برسێتیی> و <ئێسقان بۆ مامۆستا> و <هەڵهاتن و پەنا بەرێتیی> و لە سەرەتای سەدەی نوێیشدا /دەفتەر /، /گەڵاّ/ (دۆلار)،/ گەندەڵیی/ ،/مۆنیکا/ ، /هامەر/ ، / ژن_تەلاّقدان/، <بەردی حەللان>، <خانووی مەڕمەڕ>، /کوڕە مەسئوول/، /ماڵە مەسئوول/،<تومبییلی جامڕەش> ... هتد . وێنەی دنیایەکی دڵتەزێنتریان لە گشت وێنەکانی پێشتر بۆ گرتین و ئاوەزمەندیەکی گەلێکی ساویلکەو سادەی مرۆڤی سەدەی نوێیان لە هەندێك بەرپرسی ڕامیاریی و ژمارەیەك لە فەرمانبەری دامودەزگاکانی حکومەتە کوردیەکەیان نیشانداین.
خۆشبەختانە، ئەوەی هیچ هێزێك ناتوانێت بیسڕێتەوە یان لەناوی بەرێت، وشەکان و وێنە هەڵگییراوەکانی سەردەمەکانە، کە بەڵگەو گەواهی ڕاست و دروست و نەگۆڕن بۆ هەموو لایەك و لەسەر هەموو لاکانیش. چونکە وشەکان، بە خۆیان و ناوەڕۆکەکانیانەوە لە مێشکی ئاخێوەرانی

زمانی کوردییدا هەڵگیراون و دەماودەم یان بە نوسیین لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیکی تر گوازراوەتەوەو دەگوێزرێنەوە. بەلاّم ئەوەی کە دەتوانرێت و دەبێت جێبەجێبکرێت، ئامادەکردن و نوسینەوەی وشەنامەو فەرهەنگێکی ئاوازەیی بنەڕەت و هاوبەشە لەگەنجی وشەکانی هەریەك لە زارە سەرەکییەکان و زارۆچکەکان، بەپێی کێڵگەی وشەکان و جێکەوتەی وشەکان word positions تیایاندا. ئەم کارو بەرهەمە بۆیە لە هەبوونی "زمانێکی یەکگرتوو" گرنگترو بنچینەییترە، چونکە زمان پێڕەوی هێمایەو لەناو دەروازەی زانیارییەکانیشییدا بە تۆمارکراویی و چەسپاویی هەن. ڕەنگە ئەم ڕاستیەیان هەندێك کێشەو گرفتی زمانیی و زمانەوانیی هەبێت، بەلاّم خۆ ئاوازمەندیی کوردو دنیابینیەکەی و دییدگەی لەبارەی دنیاو بوون و هەبوون، گشتیان لە وشەکاندا هەڵگیراون و وشەنامەو فەرهەنگەکەیش ئەو ئاوەزمەندییە بنەرەتیی و هاوبەشەی کوردمان دەداتیٚ[10] .

## ئەنجام و پێشنیاز

مەترسیی نییە، گەر زارێك بکرێتە زمانی دەستووریی و شێوازبەندو زمانی باڵای حکومەت و گەلەکەمان. ئەم کارە لە نرخ و بەهای زارەکانی دییکە کەمناکاتەوەو نابێتە هۆی پشتگوێخستنیان. کرمانجیی ناوەراست، بەلانی کەمەوە، لە دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە ئەم رۆڵەی بینییوەو ئەرکەکەی زۆرباش جێبەجێکردوەو لە رۆژهەلاتی کوردستانیش لە خزمەتی زمانەکەدا بووە، بۆیە هەم ئەرك و هەم کاتمان بۆ دەگەرێنەوە، گەر ئەم زارەیان وەك ئەو زمانە دەستوورییە شێوازبەندە دیارییبکرێت و بکرێتە زمانی دەستووریی و بالاّو کرمانجیی ناوەڕاستیش لە قۆناغەکانی خوێندندا بخوێنرێت. چاوەڕێدەکرێت هەمان کار بۆ کرمانجیی سەروویش لە سەرووی کوردستاندا بکرێت و لە قۆناغێکی دورتریشدا بەرنامە بۆ چارەسەرکردنێکی تر دابنرێت. ئەوانەی دەتوانرێت لەسەروو ئەوەیشەوە بکرێن و پێویستە جێبەجێبکرێن، (ا) ئامادەکردنی ئۆرسۆگرافیی کوردیی و کارکردنە پێی لەگەڵ (ب) دروستکردن و دامەزراندنی دەزگای "فەرهەنگی کوردیی_کوردیی" دا بۆ ئامادەکردن و نوسیینەوەی فەرهەنگ و جڵەوگرتنی زمان_بەکارهێنان لە هەموو ڕوویەکەوەو لەسەر گشت ئاستەکان.

## الملخص

لايدعو الى القلق، حينما تستخدم لهجة ما كلغة رسمية للحكومة الكردية ولايقلل من قيمة اللهجات الباقية. فاللهجة الكردية الوسطى (كرمانجیی ناوەڕاست ) منذ تشكيل الدولة العراقية تحملت هذا العبء ولعبت دورها على احسن وجه. وفي شرق كردستان كانت هذه اللغة ايضا في خدمة اللغة والانسان الكردي. لذلك قد نربح الوقت والاعباء لو اختيرت هذه اللهجة كلغة رسمية للحكومة للمراحل الدراسية. وينتظر ان تحظى اللغة الكردية الشمالية (كرمانجیی سەروو) مثلما حظيت به اللهجة الوسطى، وان توضع في مراحل لاحقة برامج للمعالجة. والذي يجب ان ينجز بالاضافة الى كل تلك، هو اعداد الارثوگرافية الكردية والعمل بها مع انشاء مؤسسة للمعج والقاموس الكردي لاعداد وكتابة المعجم والقاموس وشد لجام اللغة واستعمالاتها في كافة الاصعدة.

[10] Gruber, J. (1976), Botha, R.P. (1968).

# Abstract

*It is not absurd or underestimating to choose a particular dialect, among the others, as the formal language of the Kurdish government. The middle Kurmandji dialect, since the foundation of the Iraqi state, has been chosen as the formal language of the Kurdish areas and has undeniably played its role perfectly. This dialect is equally used on all levels in Eastern Kurdistan. That is why, choosing this dialect as the formal dialect and based on this background, is time and effort saving, especially for teaching and learning process. Of course this would not mean that the Northern Kurmandji dialect would be marginated, but rather it will get similar attention and would be intermixed eventually and in regular steps. In this stage, what must be taken into consideration is the preparation of a Kurdish Orthographic dictionary and founding a special institution for compiling Kurdish dictionary that combines all the uses of the language on all aspects.*


**سەرچاوەکان**

**سەرچاوەکان بە زمانی کوردیی**


**جەمال نەبەز (١٩٧٦)، "زمانی یەکگرتووی کوردی"، بڵاوکراوەی یەکێتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کوردی لە ئەورووپا، بابمبێرگ، ئەڵمانیای ڕۆژاوا.**

**عزالدین مستەفا رسول (١٩٧١)، "سەرنجێ لە زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی"، چاپخانەی (سلمان الاعظمي)، بەغدا.**

**محەمەدی مەحویی (٢٠٠١_ا) زمانی شێوازبەند،"ڕستەسازی کوردی"، زانکۆی سلێمانیی .**

**محەمەدی مەحویی (٢٠٠١_ب)،"زمان و زانستی زمان"، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم .**

**محەمەدی مەحویی (٢٠٠٥)،"زمانی بالاْ: ئەگەر و بنەماکانی"، گۆڤاری ژمارە (١)ی کۆنگرەی یەکەمی زانستی زمان لە ١٥–٢٠٠٥/٥/١٧ لە زانکۆی سەلاحەدیین .**

**محەمەدی مەحویی (٢٠٠٦)،"ئاوەزداریی و ڕێزمانی ناوەڕۆك–وابەستە"،زانکۆی سلێمانیی .**

**محەمەدی مەحوی/نەرمین عومەر(٢٠٠٤)،"مۆدێلی ڕێزمانی کوردی"،شارەوانیی سلێمانیی.**

**محەمەدی مەحوی "زمان و ومانەوانیی لە ڕۆژنامەگەرێتیدا" ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ، ژمارە ٢، ٢٠٠٠**

**هۆگر مەحمود فەرەج "زمان و نەتەوەو زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو"، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە (٧)، ٢٠٠٧.**


**سەرچاوەکان بە زمانە ئەورووپیەکان**


Bense, E. (1973), ,,Mentalismus in der Sprachtheorie Noam Chomskys", Fr. am Main.

Both,R.P. (1968), "The function of the lexicon in transformational generative grammar" , The Hague.

Chomsky, N. (1965), ,,Aspects of the theory of syntax", Cambridge, Mass.

Chomsky, N. (1968), ,,Reflections on Language", N.Y.

Fodor, J. (1987), ,,The Problem of Meaning in the Philosophy of Mind", Cambridge, Mass.

Gruber,j,(1967) , " The functions of the lexicon in formal descriptive grammars" , Santa Monica.

Hamasaeed Mohammad (1999) , "Kurdische Syntax" , Frankfurt am Main , peter lang.

Seiler, H. and W. Premper (Hgg.) (1991), ,,Parizipation: Das sprachlche Erfassen von Sachverhalten", Tuebingen.